# یاریزانان و ڕاهێنەرانی کورد سەرپەرشتیاری هەڵبژاردەکانی عێراق بۆ پایسکلسواری دەکەن

ڕاپۆرت: ڕێبین ڕەمزی

دوای ئەوەی لە هەڵبژاردەکانی یەکێتی پایسکلسواری عێراق مەحموود عەزیز وەکو سەرۆکی یەکێتیەکە دەستنیشان کرا، یەکێتی پایسکلسواری عێراق بەرەو قۆناغێکی تر بەڕێوەچوو لە ڕووی بەشداریکردنی لە پاڵەوانێتیەکانی دەرەوە و ئەنجامدانی ئۆردوگای مەشقی و دابینکردنی پێداویستیەکانی یاریزانان و ڕاهێنەر و کردنەوەی خولی زیاتر بۆ یانەکان، ئەمانە هەموو بوونە هۆکاری بەرزبوونەوەی ئاستی ئەم یارییە لە عێراق بەگشتی و لە کوردستان بەتایبەتی، کە ئێستا لە پێکهاتەی تازەی هەڵبژاردەکانی عێراق بۆ پایسکلسواری لەسەر ئاستی لاوان و تازەپێگەیشتووان و پێشکەوتووان و کچان یاریزانان و ڕاهێنەرانی کورد بە تەواوی کۆنترۆڵیان کردووە و لە تواناندا هەیە، کە ئەنجامی گەورە لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە بە دەستبهێنین.









### هەڵبژاردەی پێشکەوتووانی عێراق

لە هەڵبژاردەی پێشکەوتووانی عێراق بۆ پایسکلسواری هەردوو راهێنەر زیائەدین عەباس وەکو راهێنەر و عەبدولقادر نورەدین (راهێنەری یانەی هەولێر) وەکو یاریدەدەری راهێنەر دەستنیشان کران، بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبی، کە لە جەزائیر ئەنجام دەدرێت، ئۆردوگایەکی مەشقیان لە شاری دیوانیە ئەنجامدا، پاشان ئۆردوگایەکی تر لە جۆرجیا و ئۆردوگای مەشقی سێیەم لە وڵاتی جەزائیر ئەنجام دەدەن، لەم هەڵبژاردەیە دوو یاریزانی کورد بانگهێشتکراون بۆ ئەوەی بەشداری لەم پاڵەوانێتیە بکەن، یاریزانانی هەڵبژاردەکە بەمشێوەیە:

١- جۆڤان تۆمی (یانەی هەولێر)، ٢- ئەیاد محەمەد (یانەی سۆلاف)، ٣- عەلی تەحسین (یانەی سەناعە)، ٤- مورتەزا تەحسین (یانەی سەناعە)، ٥- ئەحمەد موهەندە (یانەی سەناعە)، ٦- سەلام (یانەی سەناعە)، ٧- عەلی عەبدولخزر (یانەی هەولێر)، ٨- سەعد عەلی یاسین (یانەی کۆیە).

### هەڵبژاردەی لاوانی عێراق

لەسەر ئاستی لاوان لە یەك کاتدا سێ پاڵەوانێتی ئەنجام دەدرێت، ئەویش هەریەکە لە پاڵەوانێتی (عەرەب بۆ رێگا، جامی عەرەب بە قۆناغ (٣) قۆناغ، پاڵەوانێتی عەرەب بۆ تراك) بۆ ئەم مەبەستەش یەکێتی پایسکلسواری عێراق ئەرکی راهێنەرایەتی سپاردە راهێنەری کورد و یانەی هەولێر موسا موحسین بۆ ئامادەکردنی تیپەکە بۆ ئەم پاڵەوانێتیە.

هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بۆ ١٥ رۆژ ئۆردوگایەکی مەشقیان لە شاری هەولێر ئەنجامدا بۆ دەستنیشانکردنی یاریزانانی هەڵبژاردەکە دوای تەواوبوونی ئەم ئۆردوگایە لە وڵاتی جۆرجیا دووەم ئۆردوگای مەشقی خۆیان ئەنجام دەدەن، بۆ ئەوەی یاریزانان بگەنە ئاستی رکابەرایەتی لە پاڵەوانێتیەکان، دواتر پێش دەستپێکردنی پاڵەوانێتیەکان بۆ ماوەی ٧ رۆژ ئۆردوگای مەشقی سێیەم ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی یاریزانان لە چۆنیەتی کەش و هەوا و ئەنجامدانی رکابەری لەسەر تراك رابێن، چونکە لە عێراق و کوردستان ئەم جۆرە یارییە بوونی نییە.

جێگەی باسە جگە لەم راهێنەرە کوردە سێ یاریزانی کورد بانگهێشتی هەڵبژاردەکە کراون، کە بەمشێوەیە:

١- موسا موحسین (یانەی هەولێر) راهێنەر، ٢- مورتەزا حافز (یاریدەدەری راهێنەر)، ٣- موراد فەرهاد (یانەی سۆلاف)،٤- زانا محەمەد (یانەی هەولێر)،٥- محەمەد عەبدوڵڵا (یانەی هەولێر)، ٦- سەجاد محەمەد (یانەی سەناعە)، ٧- محەمەد ناسر (یانەی سەناعە)، ٨- محەمەد لەفتە (یانەی ئیتحاد بەسرە).

### هەڵبژاردەی تازەپێگەیشتووانی عێراق

لەم هەڵبژاردەی هەردوو راهێنەری کورد فەرمان محەمەد وەکو راهێنەر و ئۆرفیۆس جەلال وەکو یاریدەدەری راهێنەر سەرپەرشتیاری ئامادەکردنی ئەم هەڵبژاردەیەن بۆ پاڵەوانێتی وڵاتانی عەرەبی بۆ ئەم مەبەستەش چەندین یاریزانی کوردیان بانگهێشتی هەڵبژاردەکە کردووە بۆ ئەوەی بتوانن لەم پاڵەوانێتیە ئەنجامی باش بە دەستبهێنین.

### هەڵبژاردەی کچانی عێراق

ئەم هەڵبژاردەیە بە تەواوی لە ستافی راهێنەران و یاریزان لە کورد پێکهاتوون و چاوەڕوانی ئەنجامی باشیان لێ دەکرێت، ئەم هەڵبژاردەیە بەشداری لە پاڵەوانێتی عەرەب بۆ تراك و رێگا دەکەن لە جەزائیر بۆ ئەم مەبەستەش ئەرکی راهێنەرایەتی سپاردە راهێنەری کورد (کەنعان ئیسماعیل) و هەردوو یاریدەدەر تاریق سەعید و سیروان سامی (راهێنەری یانەی نەورۆز) بۆ ئەم مەبەستەش ئۆردوگایەکی مەشقیان لە سلێمانی ئەنجامدا پاشان لە شاری هەولێر ئۆردوگایەکی تریان ئەنجامدا و دواتر بەرەو جۆرجیا بەرێدەکەون، دوائۆردوگای مەشقیشیان لە وڵاتی جەزائیر دەبێت و لە کۆی شەش یاریزان، پێنج یاریزانی کوردە ئەوانیش هەریەکە لە:

١- سۆزی دڵشاد (یانەی نەورۆز)، ٢- نیان یاسین (یانەی نەورۆز)، ٣- زریان عەتا (یانەی نەورۆز)، ٤- ئیلاف سەردار (یانەی پێشکەوتن)، ٥- ئیناس جونێد (یانەی پێشکەوتن)، ٦- زەهرا محەمەد (یانەی عەفەك).



# شڤانشتایگەر بووە کاپتنی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا

رۆژنامەی بێلدی ئەڵمانی رایگەیاند: یواکیم لۆف راهێنەری هەڵبژاردەی ئەڵمانیا یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بایەرن میونیخ باستیان شڤانشتایگەری دەستنیشانکرد بۆ وەرگرتنی ئەرکی کاپتنی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لەشوێنی یاریزان فیلیپ لام کە وازی لە یاریکردنی نێودەوڵەتی هێنا لە دوای تەواوبوونی یارییەکانی مۆندیالی بەڕازیل کە هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بۆجاری چوارەم لە مێژوویدا نازناوەکەی بەدەستهێنا.

رۆژنامەکە ئەوەشی راگەیاند: شڤانشتایگەر بەپێش هەرسێ یاریزان مانوێل نۆیەر گۆڵپارێزی یانەی بایەرن میونیخ و ماتس هۆملێس یاریزانی یانەی بروسیا دۆرتمۆند و سامی خزێرە یاریزانی یانەی ریال مەدرید کەوت، چونکە خاوەن ئەزموونی زیاترە لەئاستی نێودەوڵەتی دوای ئەوەی ١٠٨ یاری نێودەوڵەتی ئەنجامداوە .

باستیان شڤانشتایگەر کاپتنی ژمارە ٢١ لە مێژووی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا لەو کاتەی لۆتەر ماتیۆس لە زۆرترین ژمارەی یاری کاپتنی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا بووە لە ٧٢ یاری نێودەولەتی ئەم ئەرکەی وەرگرتووە.



# گەورەترین ١٠ بۆند لە وەرزی گواستنەوەی خولی ئینگلتەرا

پێش چەند رۆژێك وەرزی گواســتنەوەی هاوینە كۆتایی هات و هەروەك پێشبینی دەكرا، چەندین بۆندی گەورە مۆركرا، بەڵام خولی ئینگلتەرا خۆی ســەلماند وەك گەورەترین بازاڕی هاوینە و یانەكانی ئینگلتەرا زیاتر لە ٨٧٠ ملیۆن پاوەندییان خەرج كرد لە كڕین و فرۆشتنی یاریزاناندا، گەورەترین ١٠ بۆندی كڕین و فرۆشتنی یاریزانان لە خولی ئینگلتەرا بەم شێوەیە بوو :

١- لویس سوارێز: یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆرگوای لەیانەی لیڤەرپولی ئینگلیزی چووە ریزی یانەی بەرشلۆنەی بەرامبەر بە ٧٢ ملیۆن پاوەند كەئەوە گەورەترین بۆندە لەساڵی ٢٠١٤ مۆركراوە، بەڵام سوارێز بەهۆی سزای فیفاوە ناتوانێت تا رۆژی ٢٠١٤/١٠/٢٦ لەگەڵ یانە تازەكەی یاری بكات .

٢- ئەنخیــل دی ماریا: یاریزانی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لەیانەی ریال مەدریدی ئیســپانی چووە ریزی یانەی مانچســتەر یونایتدی ئینگلیزی بەرامبەر بە ٥٩,٧ ملیۆن پاوەند، ئەو بۆندە گەورەترین بۆندی فرۆشتنی یاریزانێكی یانەی ریال مەدریدە لە مێژوودا .

٣- دێڤید لویز: یاریزانی هەڵبژاردەی بەرازیل لەیانەی چێلسی ئینگلیزی چووە ریزی یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی بەرامبەر بە ٤٠ ملیۆن پاوەند، لویز بەمۆركردنی ئەو بۆندە بووە بەنرخترین یاریزانی هێلی بەرگری لە مێژوودا .

٤- ئەلێكســیس سانشــیز: یاریزانی هەڵبژاردەی چیلی لەیانەی بەرشلۆنەی ئیســپانی چووە ریزی یانەی ئەرسنالی ئینگلیزی بەرامبەر بە ٣٥ ملیۆن پاوەند، سانشێز بووە بەنرخترین یاریزانی فرۆشراو لە مێژووی یانەی بەرشلۆنە.

٥- دییگۆ كۆستا: یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیا لەیانەی ئەتلەتیكۆ مەدریدی ئیسپانی چووە ریزی یانەی چێلسی ئینگلیزی بەرامبەر بە ٣٢ ملیۆن پاوەند، كۆســتا توانی لەســێ هەفتەی یەكەمی خولی ئینگلتەرا ئاستێكی بەرز پێشكەش بكات و تا ئێستا چوار گۆڵی تۆمار كردووە.

٦- ئەلیاكیم مانگالا: یاریزانی هەڵبژاردەی فەرەنسا لەیانەی پۆرتۆی پورتوگالی چووە ریزی یانەی مانچستەر سیتی ئینگلیزی بەرامبەر بە ٣٢ ملیۆن پاوەند : مانگالا تا ئێستا لەهیچ یارییەكی یانەی مان سیتی بەشداری نەكردووە.

٧- سیســك فابریگاس : یاریزانی هەڵبژاردەی ئیســپانیا لەیانەی بەرشــلۆنەی ئیسپانی چووە ریزی یانەی چێلسی ئینگلیزی بەرامبەر بە ٣٠ ملیۆن پاوەند، فابریگاس لەیارییەكانی خولی ئینگلتەرا شارەزاییەكی باشی هەیە و ئێستا باشترین دروستكەری گۆڵە لەخولی ئینگلتەرا .

٨- ئەندێر هێرێرا: یاریزانی هەڵبژاردەی ئیســپانیا لەیانەی ئەتلەتیك بیلباوی ئیسپانی چووە ریزی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بەرامبەر بە ٢٨,٨ ملیۆن پاوەند .

٩- رۆمیلــۆ لۆكاكۆ: یاریزانی هەڵبژاردەی بەلژیكا لەیانەی چێلســی ئینگلیزی چووە ریزی یانەی ئیڤەرتۆنی ئینگلیزی بەرامبەر بە ٢٨ ملیۆن پاوەند، لەوەرزی رابردوو لۆكاكۆ بەشێوەی خواستن لەریزی یانەی ئیڤەرتۆن یاری دەكرد و ئێستاش بووە بەنرخترین یاریزان لەیانەی ناوبراودا.

١٠- لۆك شــاو: یاریزانی هەڵبژاردەی ئینگلتەرا لەیانەی ساوســهامبتۆنی ئینگلیزی چووە ریزی یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی بەرامبەر بە ٢٧ ملیۆن پاوەند.




# ئاواتەكانی فیرناندۆ تۆرێس لەگەڵ یانەی میلان


یانەی ئەی ســی میلانی ئیتالــی بەفەرمی یاریزانی هەڵبــژاردەی ئیســپانیا فیرناندۆ تۆرێســی پێشــكەش بەدەزگاكانــی راگەیانــدن كرد دوای ئــەوەی بۆندێكی بۆ ماوەی دوو ســاڵ بەشێوەی خواستن مۆركرد، تۆرێس رێگەی پێدرا لەیانەی (چێلســی)یەوە پەیوەندی بەیانەی (میلان)ـەوە بكات، چونكە لەدوای دوو ساڵی دیكە بۆندەكەی لەگەڵ یانەی چێلسی كۆتایی دێت و ئەوكات ئازاد دەبێت پەیوەندی بەخۆڕایی بەهەر یانەیەكەوە بكات.

تۆرێس لەكاتی سەردانیكردنی بۆ مۆزەخانەی یانەی میلان گوتی: من لێرەم بۆ ئــەوەی زیاتر فێر بم و خۆم لەگەڵ كەش و هەوای خولی ئیتالیا رابێنم و ئەوەی لەتوانامدایە پێشكەشــی یانەی میلان و هاندەرانی بكەم.

گوتیشــی: شــەرەفێكی گەورەیە بۆ من كە درێسی ژمارە ٩ بپۆشم لەیانەی میلان كە چەندین یاریزانی ئەفســانەی ئەم یانەیە ئەم ژمارەیان وەرگرتووە، من زۆر بەپەرۆشم بۆ یاریكردن لە یاریگای سان سیرۆ.

لە كۆتایی لێدوانەكەی تۆرێس گوتی: هیوادارم وەك یاریزانێكی گەورەی یانەی میلان دەسكەوت و وێنەم لەم مۆزەخانەیە هەبێت.



# قەیرانی دارایی بۆتە گرفت بۆ یانەی نەورۆز

دوای ئەوەی ئەم وەزرە قەیرانی دارایی بەرۆكی یانەكانی هەرێمی كوردستانی گرتووە لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەیەك لە یانەكانی بەشدار لە خولی نایابی كوردستان لە ئێستاشدا خەریكی ئامادەكارین بۆ چوونە نێو كێبڕكێیەكانی وەرزی نوێی خولەكە كە بڕیارە لە سەرەتای مانگی داهاتوو بەبەشداریی ١٤ یانەی شارەكانی كوردستان دەست پێبكات، لە ئێستاشدا یانەی نەورۆز لەسەر دەستی ئەرسەلان جەلال لە خۆ ئامادەكارییە بۆ ئەوەی بتوانێ ئەم وەزرە ئەنجامێكی شایستە بەدەست بهێنێ، بڕیار بوو یانەی نەورۆز كۆمەڵێك لە یاریزانانی بەتوانا بهێنێتە ریزی یانەكەی، بەڵام بەهۆی گرفتی داراییەوە نەیتوانی ئەم هەنگاوەی لە تیپەكە جێ بەجێ بكات، یانەی نەورۆز بۆ ماوەیەك خەریكی تاقیكردنەوەی یاریزانی پیشەگەری سوری فیراس عەلی بوو، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانەوە نەیتوانی گرێبەستی لەگەڵ واژوو بكات و ناردیەوە شوێنی خۆی، لەم بارەشەوە ئەرسەلان جەلال ڕاهێنەری یانەی وەرزشی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ئێمە خەریكی مەشقەكانی تیپەكەیان بۆ چوونە نێو كێبڕكێیەكانی وەرزی نوێی كوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بڕیاری ئەوەماندا بوو كۆمەڵێك لە یاریزانانی بەتوانا بهێنین و یەكێك لەم یاریزانانەش پیشەگەرێكی سوری بە ناوی فیراس بوو، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەوە نەمانتوانی گرێبەستی لەگەڵ واژوو بكەین و گەڕایەوە، لە ئێستاشدا تەنیا چەند یاریزانێكمان هێناوە لە تیپەكانی تر چوار یاریزان لە پێشمەرگەی سلێمانی و٢ یاریزان لە یانەی سیروانی نوێ ودوو یاریزان لە دەوروبەری شاری سلێمانی ئەمساڵ دەمانەوێ ئەنجامی باش بەدەست بهێنین.



# یانەی هەولێر خ

بەمەبەستی بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستەو بەهێز كردنی ریزی پێكهاتەی یانەكەی لە وەرزی نوێی خولی نایابی یانەكانی كوردستان، هەر چەند ئەم وەزرە بەهۆی قەیرانی دارایی تیپی تۆپی پێی خولی كوردستان یانەكە دەستەی ڕاهێنەران و ژمارەیەك یاریزانی بەرچاوی یانەكەی لەدەستدا، لە ئێستاشدا دەستەی كارگێڕی یانەی هەولێر لە هەوڵی بەردەوام دان بۆ ئەوەی بە تیپێكی تەواو جیاواز دەربكەون لە خولەكەدا، بتوانن پشت بە یاریزانانی لاو ببەستن بۆیە دەستەی كارگێڕیی یانەكە بەفەرمی سەمەد جەوهەری وەكو ڕاهێنەری تیپی دووەمی یانەكە دەست نیشان كرد، بە پێی دوایین زانیارییەكانیش هەریەك لە یاریزانان(هونەر ئەحمەد، میران كەریم)پەیوەندیان بە یانەی زێرەڤانی كردووە، (كارزان عەبدوڵلا،شڤان رەقیب) بۆ یانەی بروسك، (نەوزاد شێرزاد، فەرەیدون عوسمان) بۆ یانەی هەندرێن، (عیماد ئەسعەد، نیاز محەمەد، تالیب رەقیب، شێرزاد محەمەد) بۆ یانەی پێشمەرگەی هەولێر، سەمیر بابۆ و ستافی ڕاهێنەرانیش بەفەرمی یانەكەیان جێهێشتووە، لەم بارەشەوە بێجان ئیبراهیم ئەندامی دەستەی كارگێڕیی یانەی وەرزشی هەولێر بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ئەم





# ـــــــۆی نوێ دەکاتەوە

وەرزە ئێمە بەنیازی گۆڕانکاریـــی بەرچاوین لە تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشـــی هەولێر بۆ چوونە نێو کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی کوردســـتان، چونکە ئێمە باش ئـــەوە دەزانین زیاتر لـــە دە یاریزان و دەستەی ڕاهێنەرانمان تیپەکەیان بەجێهێشتووە کە لە وەرزەکانی ڕابردوو ئاســـتی بەرچاویان بەدەســـت هێناوە، بەڵام بەهۆی ئەو قەیرانە داراییە کە بەرۆکی یانەکەمانی گرتووە، بۆیە ئەمســـاڵ پشت بە یاریزانانی لاو دەبەستین هەر چەندە ژمارەیەك لە یاریزانی بـــە ئەزموونمان ماوە لە یانەکـــە و دەتوانین بە ئەزموونی ئەوان و چەنـــد یاریزانێکمان لە خولی لاوان سەرخســـتووە ئەنجامیان پێ بەدەســـت بهێنین، بۆ ســـتافی ڕاهێنەرانیش گرێبەستمان لەگەڵ هەریەك لە ســـەمەد جەوهەر وجەمیل مەحمـــود وەکو ڕاهێنەری گۆڵچیەکانی یانەی هەولێر دەســـت نیشـــان کرد، لەبارەی بڕ و مووچەی مانگانەیان بێجـــان گوتی: ڕاهێنەری یانەکەمان هیچ بڕە گرێبەســـتێکی نییە جگە لە مووچەیەکی مانگانە کە دەگاتە یەك ملیۆن و٢٥٠هەزار دینار، ئەمســـاڵیش چاومان لە بەدەســـت هێنانی ئەنجامی شایســـتە نییە، چونکە ئێمە کۆمەڵێك کەم و کورتیمـــان هەیە بە تایبەتی لـــە رووی مادییەوە بۆیە دەمانەوێ پشت بە یاریزانانی لاوی یانەکەمان ببەستین لە بری پەنا بردنە بەر یاریزانانی تر.

# زاخۆ بە کۆمەڵێک یاریزان خۆی بەهێز دەکات

هەر چەندە ئەم وەرزە تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشـــی زاخۆ بە ئامانجی بەدەســـت هێنانی ئەنجامی شایســـتەیە لە خولی نایابی یانەکانی عێراقی و کوردستان، لەگەڵ ئەوەشـــدا تیپی تۆپـــی پێی یانـــەی زاخۆ بەردەوامی داوە بۆ پەلکێش کردنی یاریزانان بە ئامانجی بەدەســـت هێنانـــی ئەنجامی گەورە لەم وەرزەی خولەکانی کوردستان و عێراق، لەم بارەشەوە سەرچاوەیەك لە یانەی زاخۆ ئەوەی ئاشکرا کرد کە « دەستەی کارگێڕی ئەم وەرزە جیا لە ســـالان بەردەوامە لە خۆ بەهێز کردن بە ئامانجی بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستە لە خولەکەدا، هەر بۆیە ئێمە بەفەرمی گرێبەســـتمان لەگەڵ یاریزان بیلال لوئەی یاریزانی پێشووی هەڵبژاردەی سوریا و یانەی کەرامەی ئەو وڵاتە مۆرکردووە بۆ ئەوەی لە خولی نایابی کوردستان لە هێڵی بەرگری بەشدار بێت لەگەڵ زاخۆ لە خولی کوردســـتان، گوتیشـــی: لەگەڵ دیدار حامد ڕێکەوتووین بۆ ئەوەی گرێبەســـتی لەگەڵ واژوو بکەین و هەردوولامان بەزارەکی ڕێکەوتووینە، بە پێی سەرچاوەکانیش دیدار داوای زیاتر لە ١٦٠ ملیۆن دیناری کردووە ئەویش بۆ خولی عێراقی یاری دەکات، ســـەبارەت بە یاریـــزان تیاگۆی بەرازیلی گوتی» هیچ کێشـــەیەکمان لەگەڵـــی نییەو ئەو ئێســـتا بەفەرمی یاریزانـــی یانەی زاخۆیە و لـــە خولی نایابی عێراقیش یاری دەکات.

